www.kurdistannet.org
07/01/2002 22:46

## له يادی تاوانه‌كه‌ی هه‌له‌بجه

مۆيدعبدالستار*

وه‌رگێرانی : حه‌ميد كه‌شكۆڵی

شينت بۆ ناگێرمه‌وه ,چونكه ئه‌تو جوانترين شا يه‌دی به‌سه‌ر
شه‌ويك, سيبه‌ری خۆی راخستووه بۆ داليكی دزيو ,
رۆژيك به‌سه‌ر هيرۆشيما ش فری و هيشتاش ده‌فری .
شينت بۆ ناگێرمه‌وه " هه‌له‌بجه !
چۆن ئه‌تو جوانترين شايه‌دی خۆراگريه‌كی, كه تيكرای تفه‌نگه‌كان له ئاستيدا
حه‌په‌سان و له‌بۆ شكاندنی ئه‌و خۆراگريه , زۆرداران ته‌نانه‌ت به‌كاره‌تی خۆشيان فرۆشت تا
به‌پاره‌كه‌ی گازی مه‌رگ بكرن و به‌سه‌ر ميرگه‌كانت, گولزاره‌كانت ونه‌سرينه‌كانتدا دايريژن .
هه‌له‌بجه !
شينت بۆ ناگيرمه‌وه چۆن ئه‌تو ئيتر به په‌يكه‌ره‌يه‌ك هه‌لگه‌رای ناوی منداله‌كانم ليی نووسراون .

ته‌رابلس الغرب١٩٨٨

## فانتازيای نيشتمان و مه‌نفا

تيشكه شينه‌كه‌ی روناكايی كزكز راده‌خوشيت
مه‌ودای نيوان من وچرايه بيحاله‌كه‌ی گۆشه بينازه‌كه‌ی هۆده رووت وقووته‌كه‌م ته‌ی ده‌كا...
ئه‌و هۆده‌يه‌ی كه ته‌نياوته‌نيا ره‌فه‌يه‌كی دارينی ليیه‌و له‌ژير باری وشه ده‌نالينی ,چادانيكی زيوين باپيرم بۆ باوكم به دياری هينابو و منی راوه‌دونراويش بۆ سه‌رزه‌ويه‌كی دوور وه‌كو ئيكۆنه‌يه‌ك هه‌لم گرت , وه‌كو تۆته‌ميك رامگرت ,ليوی باپيره له‌سه‌ر زاركيدا خۆ ده‌نوينی كه ناوی شۆخه‌كانی گونده‌كه‌ی :شيرين ,نه‌سرين وزارا , ده‌خوينی.
گونده‌كه‌ی له‌سه‌ر ليوی ئه‌لوه‌ن هه‌لتروشكاوه, له‌ژير پيی جه‌ندرمه و جاش و كه‌لبه‌ی گورگی دی‌ی چۆله‌وانی ون بووه.
ئه‌ی تيشكی روناكايی نازدار ! وه‌ره مه‌يدانی , باله‌شه‌پۆلده‌ره‌كانت به‌سه‌ر ديواراندا راخه ,تا ميچه داماوه‌كه‌ی ژوورسه‌رم له‌ئاميز بگرن , تا چاوم تيرتير بروانن شينايیه بنه‌وشه‌ييه‌كه‌ت ,تاكو برژانگه‌كان ليك نيزيك بنه‌وه و بريسكه‌كه بكوژيته‌وه
.... و..و..

هاوار ! هاور! هاوار!
وا باپيره دياره و ,له ردينه سپييه‌كه‌ی كراسيكی ريستووه تا به‌سه‌ر سنگه چياييه‌كه‌ی شۆر بيته‌وه‌و ليوی خويناوی بجولينيته‌وه و زاركی بكاته‌وه و شتيك بلی كه نه‌متوانی ببيسم, هه‌رچه‌نديش گويم وا تيژه سه‌نته‌ی مه‌رگ ده‌بيسم ...
تۆ بليی ؟! گولله كوشنده‌كان ئازاری بده‌ن , يان له‌ته‌نيايی نيو گۆرستانی غه‌ريباندا وه‌ره‌ز بووبی , دوور له چياكانی خۆی كه له‌وی ئاوی كانييه سه‌رمه‌دييه‌كان تينوويه‌تيی ده‌شكاند.
هۆ ! ئه‌ی تيشكه شينه‌كه " ئه‌ی ئه‌وه‌ی ده‌رژيته سه‌ر ليواری پياله‌يه‌ك رۆژيك له‌رۆژان ليواوليو بوو , و شه‌پۆله‌كانی له هه‌نيه‌م ده‌دا و پيلوه خه‌والووه‌كانی ده‌لاواندم و, ده‌ی بلا ليوه‌كانم گۆرانيه‌ك بچرن و
تا ....له‌بيريان بچيت ئايا ! ! ماله‌كه‌م له‌بيرمان ده‌چيته‌وه ؟!

و: ح.ك

*دكتور مويد عبدالستار نووسه‌ريكی ئيراقی به ره‌گه‌ز كوردی فه‌يلی‌يه, له‌دايكبووی به‌غدايی .نيشته‌جيی سويده.تا ئيستا چه‌ند كتيبی وی كه بريتين له شيعر ,كورته چيروك و ليكولينه‌وه و وه‌رگيران له ئينگليزييه‌وه, له چاپدراون.

©Kurdistan Net